# نامەیەك بۆ ویژدانی بێخەوشی عەبدوڵڵا پەشێو

سالار بابەشێخ
salar_hisami@yahoo.com

بەڕێز پەشێوی کورد

دروودی زەردەشت لە هەناوی پاك و بێ شیلە و پیلەت.

مەبەست لەنووسینی ئەم نامەیە، ئەوە نییە ناوت بدرێ بە ڕۆژنامەکان یان لەسێبەری ناوی پەشێودا. ئەم سکاڵانامەیە ببێتە مانشێتی گەورەی بڵاوکراوەیەك. پەشێو بۆ خۆی لەو باڵابەرزانەیەوجێگەی لە دڵیی هەموو کوردێکی ڕەسەندایە. منیش وەك کوردێکی برین هەڵگرتووی ڕۆژهەڵاتی زامداری وڵاتەکەمان، پەنام بۆ خامەی کوردانەی پەشێوی مامۆستا هێناوە و ئەوەش چەندین هۆکاری هەبووە کە پەنجە دەخەمە سەر چەند خالێکیان:

1- کەم کەس وەك پەشێو چەقڵی مەم و زینان بە نێو چاوانی نەیارانی کوردو داگیرکەرانی کوردستاندا دەکا.

2- خاوەخاوی کورد و بڕوا کردن بە سوێندەکانی تاران و بەغدا، خەریکە ملی کورد دەشکێنێو خواستی ڕاستەقینەی گەلی کورد، واتە ڕزگاری یەکجاری لەژێردەستی و سەربەخۆیی، تەنانەت لەلایەن ڕێبەرایەتی سیاسی کوردەوە تەریك خراوە !

3- زۆریـن وەك کـای بەرشـەن، لێرەولـەوێ دەکـەوین، ڕۆژێ زورنـای ئینترناشـناڵ دەژەنـینو ڕۆژێ دنیـا بـەکافر دەزانـین و موجاهیدین! تاوێ گیرۆدەی دەستی زۆردارو تاوێ چەقبەستووی نێو ئەدەبیاتی کلیشەیی حزبەکانین، چاخێ دیلی ڕەشەبای سانسۆرین، سەردەمێکیش لەترسان یان لەبرسان، خۆ سانسۆری دەکەین، بەڵام پەشێو هیچ کاتێ مافەکانی نەتەوەیی و سەربەخۆیی کوردی نەکردۆتە قاووتی بەربا و هەردەم لەسەر داوا ڕەواکانی نەتەوەکەی سوورتر بووە.

4- خامەو بیری پەشێو، زمانحاڵی خواستەکانی سەر لەبەری گەلی کوردە. گەرچی لایەنە سیاسییەکان، خەبات وتێکۆشانی حزبو ڕێکخروەکان، بەتایبەتی قوربانیو شەهیدەکانیان لەسەرانسەری کوردستاندا جێگای ڕێزو حورمەتە، بەڵام پێویستە وەك پەشێو ئاڵاو خاکیان لەئاڕم و پەڕۆی حزبی خۆشتر بوێ.

5- ئەم نامەیە لە ڕاستیدا "دادنامە"یە. لەوێرا کە حەز بە هیچ دادگەیەکی شاراوە ناکەمو دڵنیام کە ویـژدانی بێخەوشی کوردانەی پەشێو، لەهەر جۆرە کورد کوژی و لە تاوانی تاوانباران خۆش نابێ و لە هەرایان دەدا و لێیان هەڵدەپێچێتەوە، هانام بۆ هێناوە.

ئەمانە و گوللەبارانکردنی خەڵکی هەڵەبجە بوون بە هۆی نووسینی ئەم دادنامەیە:

بەڕێز مامۆستا پەشێو

شەهید شوانەی سەید قادر یەکێ هەڵگرانی ئاڵای کوردستان و لە عەوداڵانی سەربەخۆیی وڵاتەکەی بوو. سەید کەمال ئەسفەرەم ناسراو بە شوانە، لە ئاهەنگێڕانی جەژنی هەڵبژاردنی سەرۆکی کوردستان لە باشووری وڵاتەکەی بوو. دەستە دەستە لەلاوانی خوێن گەرمی مەهاباد، لەسەر بڕیار و ڕێکخستنەکانی شەهید شوانە، بەخوێندنی سروودی ئەی ڕەقیب و هەڵگرتنی ئاڵای کوردستان دەڕژانە سەر شەقامەکانی شار. شوانە بنکەی پڕ و پاگەندەی هەڵبژاردنی خولی نۆهەمی سەرکۆماری ئێرانی، دابوە بەر پەلامار و کاربەدەستانی دادگە ((دادگاه انقلاب)) حوکمی تیریان لەسەر دابوو. شوانەی قارەمان لە "سێبیران" زمانی زگماکی و خوێندن و نووسینی کوردی فێربوو. بەهۆنراوەی: (( قوڕتان بە سەر... گەر بشمرین تەنیا دیلی دەدۆڕێنین...)) گۆش کرا. بۆیە وەك پەیامنێری"بەیداخ" و هەواڵنێری مالپەری "ruk2691" و بۆ کاروباری ڕێکخستن لەسەر داخوازی خۆی، ئامادەکراو گەڕایەوە مەهاباد.

شوانە لەدرۆ و فێڵبازیو خۆخوازی دوور بوو، دڵپاك و بوێرو چاونەترس بوو. ماوەی پتر لەیەك ساڵ بوو کەجاڕچی ڕۆحی برایەتیو یەکڕیزی گەل بوو. هەردەم دوارۆژی هاوبەشی تاك بە تاکی کوردو هاوچارەنووسی کوردی بەگوێی شەقامەکانی شاردا دەدا، بۆیە هێزەکانی داگیرکەر قەستە سەریان کردو شوێن پێی شوانەیان هەڵگرتو لەئێوارەیەکدا خستیانە بۆسەی خۆیانەوەو برینداریان کردو دواتر لەژێر ئەشکەنجەدا دڵی گەورەی شوانە لەلێدان کەوتو تەرمی پیرۆزی بەشەقامەکانی شاردا

راکێش کراو پاشان جەستەی بێگیانی لەقەسابخانەی ((پزشکی قانونی)) دا کەوتە ژێر ساتووری جەلادەکان. کاتێ تەرمی سینگ هەڵدڕاوی شوانە، لەژێر گوشاری کۆمەڵانی خەڵکیدا وەرگیراوە، شارەکەی پێشەوا بووبە گڕکانی تۆڵەو هاواری شار بوو بە چەخماخەی راپەڕین.

شەهید کرانی شوانەی سەید قادر لە تەک 16یەمین ساڵیادی تیرۆکرانی ناجوامێرانەی دکتۆر قاسملوودا یەکیان گرتەوەو ئەو گرێ خواردنەش، شەپۆلێکی تورەی لەرق و قینی هەڵچووی خەڵکی شارەکە لەدژی بکوژانی شوانەو رێژیمی تیرۆریست پەروەر، لەشەقامەکانی مەهاباددا وەرێ خست و لەماوەیەکی کەمدا هەموو چین و توێژەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لەهێزەکانی جیهاد و کورد قڕان، دەرپەڕین و بۆ ماوەی پتر لەیەك مانگ، رۆژهەڵاتی وڵاتەکەمان بوو بە گۆڕەپانی پێکدادان و تێکەوە گلانی خەڵکی بێ چەك و خواوەندەکانی پەلە پیتکە!

لەو ماوەیەدا گەلی کورد یەك دڵ و یەکدەنگ، دەسەڵاتی داگیرکەرییان رەتکردەوە. ئەوان پێش حزب و رێکخراوەکانیان کەوتن. دروشمی نەتەوەیی و رامالینی داگیرکەر ئامانجیان بوو. بەڵام لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هەتا هەنووکەش هەنگاوێ لەیەك نزیك نەبوونەتەوەو تەنانەت بۆ ریسواکردنی ئەو جینایەت و کورد کوژییەو لەقاودانی دڕندەیی هێزەکانی سەرکوت، بەیاننامەیەکی هاوبەشیان دەرنەکرد!

راپەڕینەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەپاوانی هیچ حیزبێکدا نەبووەو نییە، هەر کەس بە توانای خۆی و هەر لایەنێکی سیاسی لەقەوارەی خۆیداو بە پەرتەوازی تێیدا بەشدار بوون. بێگومان ئەگەر لەسایەی تەسك بینی و بەرژەوەندی حیزبیدا، پێکهێنانی بەرەی کوردستانی نەبوایەتە حەوت خانی رۆستەم، ئەو زنجیرە راپەڕینە ئەوها پچڕ پچڕو بێ پشتیوان نەدەبوو و دەیتوانی وێڕای ئەو سەروەری و سەرفەرازییە، کۆمەڵێ دەسکەوتی نەتەوەیی بۆ کورد تۆمار بکا.

لەو رۆژانەدا کە رۆژهەڵاتی وڵاتەکەومان بێ پشتیوان و بێکەس بوو، پەنامان بۆ بێکەسی گردی یارە برد، ئەوەیش لە بێکەسیی رۆژهەڵاتدا کسپە لە دڵیەوە هەستا. لەو رۆژانەدا کە رۆڵەی کورد لەسەر خاك و ماڵی خۆی، بە فیشەکی بێگانە لەخوێنا گەوزا بوو، هانامان بردە سەر شەقامی سەر هۆڵەکەی شاری بێکەس، بەڵام بەداخەو بە قرمەی فیشەك و تەرزەی پووکە و قاپۆری گوللە پێشوازییان لێ کردین. هاواریان لە گەروودا خنکاندین، ئالای کوردستانمان لەسەرشان بوو، لەو ئالایەش داماڵدراین، پاڵیان پێوە nاین، نەك بۆ پێشەوە، بەڵکوو بۆ نێو بازنەیەکی دیاریکراو، بۆ شوێنێکی گەمارۆدراو! هەر لاقی چەك بوو لەژن و منداڵ هەڵدەدرایەوە. ئێمە بۆ پشتیوانی لەخەڵکی راپەریوی رۆژهەڵاتی کورستان دەنگمان هەڵبڕیبوو، هەموومان یان ئاوارە و ماڵ لەکۆڵ بووین، یان پێشمەرگەی ئۆردووگاکان، هەموومان خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بووین، خۆپیشاندانێکی هێمنانەی ئێمە، لەسەر ئیدارەی سلێمانی نەدەکەوت. ئیدی نازانم ئەو هەموو توندو تیژییە لەبەر چی بوو؟ ئێمە بۆ مەحکومکردنی تاران هاتبووین، تارانمان لەبیر چوو، هاوارمان کرد: "سلێمانی سلێمانی کوا هەڵمەت و قوربانی؟!".

ئەی پێشەوای هونراوەی نەتەوەیی، سەرسام ماوم لە تاکتیکی دیپلۆماسی، لە دانوستانی سیاسی! بڕوات بێ ئێمە لە قرمەی فیشەك و میل هێنانەوە رانەچەڵەکیاین، ئەگەر گوللەی داگیرکەر بوایە، سینگمان وەبەر دەنا، بەڵام گوتمان: پەرلەمان نەکرێتە قوربانی هەڵپە هەڵپیی ئێمەومانان، ئەوە بوو وەك قەڵایەکی دارماوی دڵشکاو، داتەپین و بڵاوەمان لێکرد. ئەگەر خۆپیشاندانی کوردەکانی دەرەوەی وڵات نەبایە، دەبا رۆژهەڵاتی برین هەڵگرتووی کوردستان بە ئازاری تەنیایی و بێکەسییەوە بتلێتەوە.

ئەوە تاوانی هەڵەبجەشی هاتە سەر. ئێستاش لەشاری هەمیشە شەهیدی کوردستان کە کێشەی کوردی بە سەرلەبەری دونیا ناساند، لەهەڵەبجەی هەڵقرچاو بە کیمیاوی و لەبەر چاوی هەزاران دایکی رەشپۆشدا رۆڵەکانی ئەو شارە بە دەستی براکانی خۆیان دادەپلۆسێنرێن!!!

ئەگەر باروبنەی ئیرهابییەت و تیرۆریستانی سەربڕ بە فیتی وڵاتانی دەوروبەر، هێمای پتر لەپێنج هەزار شەهیدی هەڵەبجەیی و رەمزی قوربانیدانی کورد بە گشتی دەسووتێنن و خۆیان دەنێو ئاپۆرەی خەڵکی ناڕازی لەدەسەڵاتی کوردیدا دەشارنەوە، ئەوە نابێتە هۆکارێك هەتا خوێن لەبەری لاوانی خۆپیشاندەری ناڕازی بچۆڕێ کە نایانهەوێ گاڵتە بە عەقڵییەتیان بکرێ و لە ساڵیادی کیمیابارانی کەسو کاریاندا، جارێکی دیکەش مشتێ بەڵێنی بێ مایەو ناو بەتاڵیان پێشکەش بکرێ.

مامۆستای گەورە خۆ تۆ پەشێوی هەموو کوردێکی، دەجارێکی دیکەش سەیری ئەو کارەساتانە بکەو دەنگ هەڵبڕە.

لەبیرمە کاتێ ئەو پرسیارەم ئاراستە کردی کە: بۆ چی سەردانی کوردەکانی ئەو دیو(رۆژهەلاّت) ناکەی؟ زۆر ژیرانە گوتت: "ئەگەر بڕوم دڵنیام بەشێکی زۆر لەهاوولاّتییانم بە ئالاّی کوردستانەوە دێنە پێشوازیم... هیچ حەزناکەم بۆ خوێندنەوەی هونراوەیەك، سەدان ماڵی کورد رەش پوش بکەم".

خۆ تۆ سەردانی هەڵەبجەت کردو کەسیش رەشپۆش نەکرا..... خۆ پاسەوانەکانی هەڵەبجە بەسیجی نەبوون!!! خۆ هەڵەبجە ئێستە خاکێکی داگیرکراوی ژێر دەست نییە، ئەی بۆ رەشەکوژی تێدا دەکرێ؟!

خۆ هیچ هێزێ ناتوانێ باڵی کۆچی شێعرەکانت کەلەبچە بکاو رێگەی لێ بگرێ. هونراوەکانت لەشەقەی باڵیانداوەو بوونەتە میوانی ماڵ بە ماڵی کوردەکانی کوردستانە لەت لەت کراوەکەمان‌و هەر کوردێك لەهەر گۆشەیەکی دونیادا خۆی گرتبێتەوە بە دەستنوێژەوە دیوانی شێعرەکانت دەکاتەوە.

کاتێ شاعیرێکی دڵسووتاوی کورد وەك"عیسا" حەزرەتی حاجی زیندوو دەکاتەوە هەتا دوو بەرەکی لەجێگەی ئەو بنێژێ، نامی هەست و هۆش و بیری نەتەوەیی بالاّ دەکێشێ و بیری کوردایەتی پەرە دەسێنێ و ئەقڵی نەتەوەیی دەگەشێتەوە.

ئەی هۆزانەوەی نەتەوەیی کورد، شێعرەکانت پێوانەکانی خەڵکیان گۆڕیوە، خەڵکی کورد چیدی کاریان بە " کورتی و درێژی مووی ولاّخ" نیە. حەزوخواست و ئامانجیان سەربەستییەو هیچ هێزێ ناتوانێ لەکوردایەتی دایانتەکێنێ.

کورد بەگشتی "12 وانە بۆ منداڵان"یان خوێندوەتەوەو کردوویانەتە پەیامی نەهاتنە خوارێ لە"کیوی باوەڕ"و بەنیازن" جەرگی تاریکی شەق... " بکەن، بەلاّم لایەنە سیاسییەکانی کوردستان‌و دەسەلاّتی کوردی خەو نووچکە دەیانباتەوەو دەستیان لەسەر ورگی تێریان داناوە.

ئەی شاباڵی فڕین بەرەو برایی کورد، ئەجارەش تۆ داوایان لێ بکە بالایەك لەخەونە وەدینەهاتووەکانی شەهیدانی رێگەی رزگاری کوردستان بکەنەوەو هەنگاوێك بەرەو پاراستنی بەرژەوەندی گشتی‌و نەتەوەیی هەڵبگرن.

ئەی پێشەوای شێعری یەکخستنی کوردو هۆزانڤانی سەربەخۆیی خواز، وەرە بە حورمەتی گیانبازی خەڵك‌و قوربانیەکانی کوردستان "ئاسمانی بە تریاك نووستوو راچڵەکێنەوە" ئەمجارەش وەك هەمیشە بێ‌دەنگ مەبە" هونراوەیەك بهۆنەوە با " نیشانەی مەرگی سنوور" و سترانبێژانی نەتەوەیی گەلەکەمان بیچریکێنن.